زنجیرەی لاساری و تەئویلی نادرووس

# شەرعی کردنەوەی جنێو و ناسەزا ووتن

## بێزاری و ناڕەزایی دەربڕین لە ئیسلامدا

لەوەی خاوەنەکانی فکری بە لاساری کێشراو بۆ ئەم بابەتە ئەیهێننەوە، بە ڕێپێدانی دەزانن بۆ جنێو و بەدزمانی، خراپ تێگەیشتن لە ئەم ئایەتەیە: « خودا بانگ کردن بە زمانی خراپەوە بجگە لە لایەن کەسێکەوە کە ستەمی لێکرابێ، خۆش ناو، و خوا بیسەر و زانایە. »



چاپی سێهەم

٣

SANAD

Kr

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين
سيدنا محمد المبعوث رحمة للعالمين وعلى آله وصحبه أجمعين

## دینی جوانیەکان

**لە دۆخی ئێستادا بە داخەوە، دەنگێکی ناشیرین و ناجوان بەرزەو بووەتەوە کە مودەعیە قورئان بو خراپ زمانی و ناسەزا ووتن و جنێو ڕێگای داوە و دەلایلێک بۆ ئەمە لە قورئان و سوننەتدا ئەدۆزرێتەوە!**

ئەوەی کە موسەلەم و ڕوونە ئەمەیە کە ئیسلام مومینەکان بە لایەنی قسەی جوانا و کرداری شیاو بانگ دەکا و ئەوان بە خۆشڕەفتاری و ئەخلاقی جوان و دوری کردن لە کارە ناشیرین و ناهەنجارەکان داوا دەکا و هانیان دەداتەوە.

بەڵام زۆر بیتراوە کە کەسێک بپرسێ کە ئایەکو ئیسلام بە چەوساوەکان ڕوخسەتی نەداوە کە بە کەسێک واکو ستەمی کردووە، ناسەزا بڵێ و دژ بە ئەو کەسە زمان بکاتەوە؟ هەروەها کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَا يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلَّا مَنْ ظُلِمَ وَكَانَ اللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا﴾[النساء: ١٤٨] « خودا بانگ کردن بە زمانی خراپەوە بجگە لە لایەن کەسێکەوە کە ستەمی لێکرابێ، خۆش ناو، و خوا بیسەر و زانایە. »
لە دۆخی ئێستادا بە داخەوە، دەنگێکی ناشیرین و ناجوان بەرزەو بووەتەوە کە مودەعیە قورئان بو خراپ زمانی و ناسەزا ووتن و جنێو ڕێگای داوە و دەلایلێک بۆ ئەمە لە قورئان و حەدیسدا ئەدۆزرێتەوە!
بۆیە پرسیار ئەمەیە کە، ئایەکو مەنتیقی و ژیرانەیە کە خودا و پێغەمبەرەکەی خەڵکی بانگ بکەن بو زمانی تاڵ، بو چەوساوە لە بەرامبەر ستەمپیشە؟



## جیاوازی سەنەد ← لاساری لە تێگەیشتنەکان

خـودای گـەورە بـە ناردنـی سـیدنا محمـد ﷺ رەسـالەتی ئاسـمانی خـوی کۆتایـی دا و دوای ئـەو پێغەمبـەرە نـازدارە دینەکـەی بـە هـۆی عولەمـای ئـەم ئۆممەتـە کـە ئەوەیـان بـە سـەنەدی زنجیرەیـی بـە دەس هێنـا، پارێـزداری کـرد، و ئـەم تێگەیشـتنە درووسـە بـە ئـەم قەوالـەوە پەیوەندی پەیـدا دەکات تـا ئەمـەی کـە کەسـانێک بێنـە سـەری کار، ئـەم سیلسـیلە سـەنەدیەیان گـۆڕا و لـە دیوارەکانـی ئـەم دینـە ڕۆشـتنە سـەرەوە و لـە غەیـری دەروازەی ئـەوەوە وارد بـوون.



### بۆیە تێگەیشتنی ئەسحابی فکرە لاسارەکان لە ئەم ئایەوە سەبارەت بە کەسێک کە ستەمی لێ کراوە، چیە؟

- کەسـی چەوسـاوە و مەزلـووم مافـی خۆیەتـی کـە ناسـزا بـە سـتەمکار بڵـی, و ئـەو بـە ئەلفازێکـی ناشایسـت و قەبیـح موخاتـەب دانێـت.
- زمان تاڵی و ناسەزاووتن لە بەرامبەری خراچی قەرار داوە.

بۆیە دانی ئەم حەقە بە کەسی مەزڵووم و چەوساوە مونجەر بە شێوازی بەدئەخلاقی بووە.

## جیاوازی سەنەد ← لاساری لە تێگەیشتنەکان ← ئەندیشەی بیمار

ئینجا ئەم کەسانە زمان تاڵی و ووتاری ناشیرین بە الله جل جلاله و پێغەمبەری گەورە پەیوەند دەدەن و ئەمە لە ڕاستەقینەدا بە واتای بەدیهێنانی کێشەکانی ڕەوانی پەرێشانگەریە کە بە ناچار ئەبێت بە دوای پەنامگای شەرعی بگەڕن تا ئەوانە یارمەتی بدات بۆ جێبەجێ کردنی قین و قار و بێ مولاحزەیی و زمان خراپی بە ئەخلاق و قسەی ناشیرین و ئینجا ئیدعا بکەن کە ئەم کارە ڕێپێدانی شەرعی هەیە و تەنانەت عەمەل کردن بە داخوازیەکانی شەرعە.

### فام و تێگەیشتنی ڕاستەقینە

ئـەم وەسـف کردنـە بـە حاڵەتـی کەسـێکدا دیـارە کـە ڕاسـتەقینەی ئـەوە لـە سـەر خەڵکـی شـاردرابوبێتەو.

(العتـل الزنیـم) بـە کەسـێک ئەووترێـت کـە خـۆی بـە گەلێکـەوە پەیوەنـدی بـدا کـە لـە ئـەو گەلـە نەبـێ و ئـەم ئایەتـە سـەبارەت بـە وەلیـدی کـوڕی موغەیـرە هاتـە خـراوە و یـان مەبەسـتی کەسـێکە کـە بـە خراپـی و شـەرارە بـە ناوبانـگ بوبێـت.

## شوبهەی دووهەم

اخـودا فەرموویەتـی: ﴿وَلَكِنَّـهُ أَخْلَـدَ إِلَى الْأَرْضِ وَاتَّبَـعَ هَـوَاهُ فَمَثَلُـهُ كَمَثَـلِ الْكَلْـبِ إِنْ تَحْمِـلْ عَلَيْـهِ يَلْهَـثْ أَوْ تَتْرُكْـهُ يَلْهَـثْ ذَلِـكَ مَثَـلُ الْقَـوْمِ الَّذِيـنَ كَذَّبُـوا بِآيَاتِنَـا﴾ [الأعـراف: ١٧٦]، «وەهـا بـوو کـە ئـەو بـە لایەنـی پەسـتی گەرایشـی پەیـدا کـرد و لـە هـەوای نەفـس پەیـڕەوی کـرد، و ئـەو وەکـوو سـەگێکە کـە ئەگـەر هێـرش بەیتـە سـەری دەمـی کراوەتـەوە و زمانـی بـە دەرەوەیـە و ئەگـەر لێـی گـەڕی و جێـی بهێنـی بـە حاڵـی خـۆی هـەر بـەو جۆرەیـە، ئـەم مەسـەلە، مەسـەلێکە بـۆ ئـەو کەسانەی کـە ئایاتـی خـودا دەخەنـە درۆوە. »

وە هەروەهـا فەرموویەتـی: ﴿مَثَـلُ الَّذِيـنَ حُمِّلُـوا التَّوْرَاةَ ثُـمَّ لَـمْ يَحْمِلُوهَـا كَمَثَـلِ الْحِـمَارِ يَحْمِـلُ أَسْـفَارًا بِئْـسَ مَثَـلُ الْقَـوْمِ الَّذِيـنَ كَذَّبُـوا بِآيَـاتِ اللَّهِ﴾[الجمعـة: ٥]«ئـەو کەسـانەی تەوراتیـان لـە سـەر واجـب کـرا، بـەڵام حەقـی ئـەو کتێبەیـان بـە جـێ نەهێنـا، وەگـو گـوێ درێژێکـن کـە کتێبیـان لـە سـەر بـار کردبووبێـت (لەسـەر شـانیان و بـەڵام هیچـی لـێ تێنـاگان) گرووپێکـن کـە ئایاتـی خودایـان ئینـکار کـردوە، ئەوانـە میسـالەکی زۆر خراپیـان هەیـە.»

### فام و تێگەیشتنی هەڵە:

چەسـپاندن و پەیوەنـدی دانـی سـفەتی نەقـس و عەیـب، واتـە بەدزمانـی بـە خـودا. لـە کاتێکـدا، خـودا لـە ئـەوەی پێـی پەیوەنـدی دەدەن پـاک و سـەرترە و سـەرچاوەی ئـەم ئافەتـە، دور مـان لـە ئەدبیاتـی عـەرەب لـە شـوبهاندن و جیاوازیەکانـی ئـەوە لـە گـەڵ سـفەتدایە.

### فام و تێگەیشتنی درووس:

لـەم بابەتـەدا زمانـی عەرەبـی دادیـار و حەکەمـە، چونکـە زمانـی عەرەبـی ئەندیشـەی ئەوانـە و لـە ئەدەبیاتـی عەرەبـدا چیرۆکـی شـاعیری هەیـە کـە خەریکـی مەدحـی یەکێـک لـە خولەفـا دەبـێ و ئەڵـێ: ئـەی خەلیفـە، تـو لـە وەفادرایـدا وەگـوو سـەگ و لـە خەباتـدا وەکـوو بەرانـی. مەبەسـتی ئـەو لێـرەدا تەوسـیف و تەعریفـی ئـەوە لـە قاڵبـی مەسـەل و پەنـددا، نـەک ئـەوەی کـە بـە ئـەو ناسـزا و خـراپ بڵـێ.

خـودا مەسـەلی ئـەم کەسـانەی وەکـو گوێدرێزیـک لێـداوە کـە هەندێـک کتێبـی لـە سـەر بـار کـراوە و بەهرەکـەی لـەو کتێبانـە تەنیـا حەمـڵ کردنیەتـی و دەر و فامـی بـە ئـەو کتێبانـە نـاگات.

هـەر وەهـا کـە ئەگـەر پەنـد و ئەنـدەرزی بـدەی، شـتێک تێنـاگات و ئەگـەر ڕەهـای کـەی دیسـان وێڵـەف وەکـو سـەگێک کـە ئەگـەر هێـرش بەیتـە سـەری دەمـی دەکاتـەوە و زمانـی لـە دەرەویـە و ئەگـەر وێڵـی بکەیـت بـە حالـی خـوی دیسـان هەرواﻳـە. ﴿وَإِنْ تَدْعُوهُـمْ إِلَى الْهُـدَى لَا يَتَّبِعُوكُـمْ سَـوَاءٌ عَلَيْكُـمْ أَدَعَوْتُمُوهُـمْ أَمْ أَنْتُـمْ صَامِتُونَ﴾[الأعـراف: ١٩٣]، « ئەگـەر ئێـوە بتانـوێ ئـەوان هیدایـەت بکـەن، لـە ئێـوە پەیـڕەوی ناکـەن، بـو ئێـوە یەکسـانە، چ ئـەوان دەعـوەت بکـەن بـە لایەنـی حـەق یـان لـە بەرامبەریانـدا خامـۆش دانیشـن."

بۆیـه مەبەسـت لـەم ئایەتانـە، بەیـان کـردی ناشـیرینی ئـەم بارووددۆخـە و ڕقـدار کردنـی خەڵکـی لەوان و بانـگ هێشـت کردنیـان بـە لایەنـی کەماڵەکـە کـە پێویسـتی بـە دواگرتنـی ئەحکامـی شـەرعی و ئیتاعـە لـە اللـە و ڕەسـولەکەیە.

**بۆیە ئافەتی پەیوەندی دانی سفەتی بەدزمانی و جنێو، دوور مان لە فامی قەواعیدی زمانی عەرەبی لە شوبهاندن و جیاوازیەکانی ئەو لەگەڵ سفەتدایە.**

## شوبهەی سێهەم

**دلیـل:** وتـاری ابوبکـر صدیـق (رض): «شـەرمگاکەی لات (مەعبـودی موشریکـەکان) بمـژە و هەروەهـا قسـەکەی عبدالمطلـب: ئـەی کـوڕی ژنـی خەتەنـە کـراو".

**تێگەیشتنی هەڵە:** لە کاتێکدا ئەم جۆرە قسانە لە سەحابەی کیرامەوە ڕیوایەت کراوە، بۆ ئەمە جایزن.

**فام و تێگەیشتنی درووس:** ئەو ڕووداو و بارودۆخانەی کە لە غەیری مەعسووم ڕووی داوە، شایەستەیی ئەوەیان نیە کە لە بەرامبەر ئەوەی پێغەمبەر بە عینوانی قانون دایناوە، حوجەت بن.

درووس نیـە ئێمـە لـە سـیرەی پیاوێـک واکـوو سەرانسـەری ژیانـی پڕلـە ئەخلاقـی شـیاو و خسـڵەتگەلی بەرازەنـدەی، غافـڵ بمێنیـن، و ئینجـا حوکمێکـی نـادر کـە تەنیـا یـەک جـا لـە ژیانـی دا ڕووی داوە دووبـارەی بکەینـەوە، ئـەوە بـە یاسـای بنەڕەتـی دانـی و بیکەیـن بـە بنەمایـەک بـو باوەڕەکانمـان.

چونکـە قسـەی سـیدنا ابوبکـر صدیـق بـە فـەرزی درووس بوونـی پەیوەنـدی ئـەم قسـە لەگـەڵ ئـەو، لـە کاتێکـدا ڕووی داوە کـە لـە زەجـر و بەرگرتنـی عـروە بـن مسـعود موبالیغـەی کـرد، کـە لـەم قسـەیە ڕقـی هەسـتا بـە حەزرەتـی ووت: « مـن کۆرگەلێـک لـە خەڵکـی دەبینـم لـە لایەنەکانتـدا کـە هـەڵ بێـن و تـۆ بـە تەنیـا بهێڵـن.»
وە هەروەهـا حەزرەتـی حەمـزە ئـەم وتـارەی لـە غـەزای ئوحـود بـە سـباع بـن عبدالغـزی ووت و لـە مەیدانـی شـەڕ چـوو بـە گژیـا، ئەویـش لـە مەیانـی کارزار و ئەوجـی قیـن وقـار و غـەزەب، چونکـە دایکـی ام انمـار لـە مەکـە کاری خەتەنەگـەری بـوو.
بۆیـە لـە ئێـرەدا جیـاوازی نێوانـی ئەلفـازی ناشـیرین لـە کاتـی قیـن و قـار و لـە نێوانـی هەوڵـدان بـۆ ڕەنگـی شـەرعی دان بـە جنێـو و ناسـەزا و قـەرار دانـی ئـەوە بـە عینوانـی بنەمـای شـەرعی و بەربڵاوکردنـەوەی ئـەوە بـەر ئەمـەی کـە بەشـێکە لـە سـوننەتە ئیسـلامیەکان، ئاشـکرا دەکات.

ڕەسووڵی خودا (ص):

## ”موئمین و ئیماندار تانە لێدەر، جنێودەر،دوشنام دەر و بەدزمان نابێت“

## بنەمای ڕەنماییەکانی پەغەمبەری خودا

سـوننەتی موتەهـەری پێغەمبـەر بنەمـا و یاسـا لـە ئەخلاقـی موسـوڵمانان لـە کاتـی هـاوکاری و تەعامـول لەگـەڵ دژەکان و بەدزمانەکانـی وەهـا بەیـان کـردووە. بریتـی لـەوە ئـەو حەزرەتـە فەرموویەتـی: حەزرەتـی عایشـە رضـی اللـه عنهـا، ڕیوایەتـی کـردووە کـە هەندێـک لـە جوولەکەکان هاتـن بـۆ مەحـزەری ئـەو حەزرەتـە و لـە جێـگای (السـلام علیکـم) ووتیـان السـام علیکـم، واتـە مـەری بـۆ ئێـوە، ئینجـا عایشـە ووتـی: مـەری بـۆ ئێـوە و نفریـن و قینـی خـودا لەسـەر ئێـوە. ئینجا ڕەسـووڵی خـودا فەرمـووی: " ئـارام بـە عایشـە! ئـارام بـە و لـە تونـد و تیـژی و ناسـەزا ووتـن دوری بکـە." عایشـە ووتـی: مەگـەر نەتبیسـت ئەوانـە چیـان ووت؟ پێغەمبـەر فەرمـووی: " مەگـەر تۆیـش نەتبیسـت مـن بـە ئەوانـە چ ووڵامێکـم دایـەوە؟ منیـش بـە ئـەوان ووڵامـم دایـەوە و دۆعـای مـن دژ بـە ئـەوان قبـووڵ دەبـوو بـەڵام دۆعـای ئـەوان دژ بـە مـن قبـووڵ نابـوو."

ئیبن مەسعو رەزای خودای لە بێ، ئەفەرمووێ:
ڕەسووڵی خودا فەرمووی: « ئیمانداری قەت نفرینگەر، جنێودەر و بەد زمان نابێ."

جابـر کـوڕی سـمرە ئەڵـێ: مـن لـە مەجلیسـێک کـە ڕەسـووڵی خـودا لـەوێ بـوو و ابوسـمرەیش بەرامبـەری مـن بـوو، دانیشـتم. حـەزرەت فەرمـووی: "بەڕاسـتی کـە ناسـەزا ووت و زمانـی خـراپ هـی موسـوڵمان نیـە، و بەڕاسـتی کـە باشـترین موسـوڵمانەکان ئەوانـە کـە ئەخلاقیـان باشـترە"

پەیوەندی سەنەد ⬅ تێگەیشتنی درووس

عولەمای ئۆممەت تێگەیشتنی درووسیان لەم ئایەتە هەبووە، بە شێوازێکی ڕوونەوە مانای ئەوەیان دەربڕیوە و ئێستا هەندێک لە سەحابە و تابعین و موفەسیرەکان لە ژێری ئەم ئایەتە ناو دەبەم:

**ڕووانگەی زانیاری ئۆممەت عبدالله کوڕی عباس رضی الله عنهما (٧١هـ):**
خـودا خۆشـی نایـەت کـە کەسـەک دژ بـە کەسـەکی تـرە دۆعـای خراپ بـکات، مەگـەر ئەو کەسـەی کـە مەزڵـووم واقێـع بـووە، بۆیـە بـە وەهـا کەسـەک ڕوخسـەت دراوە کـە دژبـە سـتەمکار دۆعـای شـەڕ بـکات و هـەر وەهـا مەبەسـتی لـە: ﴿إِلَّا مَنْ ظُلِمَ﴾ ئەوەیـە کـە ئەگـەر سـەبر بـکات بۆیـان باشترە.



**حسن بصری (١١٠هـ):**

لـەم ئایەتـەدا مەبەسـت کەسـێکە کـە لـە کەسـێکی تـر زوڵـم و سـتەم دەکا، بۆیـە دژ بـە ئـەو دۆعـا ناکات، بەڵکـوو ئەڵێـت: ئـەی خودایـە مـن لـە بەرامبـەری ئـەو یارمەتـی بـدە و مافـم لـە ئـەو وەر بگـرە. و لـە ڕیوایەتێکـی تـر هاتـووە: بـە ئـەو ڕوخسـەت دراوە کـە دژ بـە سـتەمکارەکە دۆعـا بـکات و بـەڵام لـە ئاسـتی خـۆی دەسـدرێژی نـەکات.

**موجاهید کوڕی جەبر (١٠٤ کۆچی):**

مەبەسـت لـەم ئایەتـە کەسـێکە کـە لـە کەسـڵک داوا ئـەکات کـە ئـەو میـوان بـکات، بـەڵام ئـەو ڕەتـی دەکاتـەوە و لـە ئـەو پەزیرایـی نـاکات، بۆیـە بـە ئـەو ڕۆخسـەت دراوە تا ئـەم هەڵسـوکەوتەی ئـەو بـۆ خەڵکـی بازگـو بـکات و بڵـێ: لـە مـن پەزیرایـی نەکـردووە و میوانمـی نەکـردووە.

## پەیوەندی سەنەد ⬅ تێگەیشتی درووس ⬅ زنجیرەی ئەسناد

عولەمای ئۆممەت لەسەر ئەم فاهم و بۆچوونە درووس و ڕاستەقینە تێکڕا هاودەنگن و بڕوایان ئەوەیە کە لێبوردن و عەفو باشترە، و لە تەفسیری ئەوە بە ناسەزا ووتن و جنێو دان بە شیددەت دوورن و ئێمە ئەم جۆرە بۆچوونە لە هەموو کتێبە تەفسیریەکان دەبینین، بۆ نموونە:

**ئەو عالمانەی کە ئایەتەکانیان بە فەهمی درووس و سەنەدی ڕاستەوخۆ تەفسیر کردووە:**

| | |
|---|---|
| تفسير ابن جرير الطبري ٣١٠هـ | تفسير مقاتل بن سليمان ١٥٠هـ |
| معاني القرآن وإعرابه للزجّاج ٣١١هـ | تفسير عبد الرزاق بن همام الصنعاني ٢١١هـ |
| تفسير الثعلبي ٤٢٧هـ | تفسير ابن أبي حاتم ٣٢٧هـ |
| تفسير البغوي ٥١٠هـ | تفسير أبو مظفر السمعاني ٤٨٩هـ |
| تفسير البحر المحيط ٧٤٥هـ | تفسير المحرر الوجيز لابن عطية ٥٤٢هـ |
| تفسير الرازي ٦٠٦هـ | تفسير زاد المسير لأبي الفرج الجوزي ٥٩٧هـ |
| تفسير النسفي ٧١٠هـ | تفسير العز بن عبد السلام ٦٦٠ هـ |
| تفسير القرطبي ٦٧١هـ | تفسير الخازن ٧٤١هـ |
| تفسير أبو السعود ٩٨٢هـ | تفسير الجلالين ٨٦٤هـ |
| تفسير المراغي ١٣٧١هـ | تفسير فتح البيان في مقاصد القران ١٣٠٧هـ |

ئەگەر بە تێگەیشتنی عولەمای ئۆممەت و خاوەنەکانی سەنەدی پەیوەندیدار ئاماژە نەکرێت، لاساری بچووک پەیدا دەکات و ئینجا بەربڵاو دەبێتەوە و بە بەربڵاو بوونەوەی لاساری لە تێگەیشتنی مەغلەتەکان و کارەساتگەلێکی گەورە کە دین و ئەهلی دین تێکلاوی دەبن، ڕوو دەدات.

## ڕوونترین ئاسەوارەک کە بە بڵاو بوونەوەی تێگەیشتنی نادرووس لە سەر شەریعەتی دەس دەسدرێژی دەکات کامەیە؟

- بڵاو بوونەوەی وشەگەلی ناشیرین و ناسەزا بە هۆی ئەمەی کە ڕیشەیان لە دیندایە.
- لاواز بوونی مەنزومەی ئەخلاقی ڕەفیّعی ئیسلامی لە دەرونی خەڵکی.
- پەیوەندی دانی ئیسلام لە لایەنی دژەکانی ئیسلامەوە و تەنانەت هەندێک لەو کەسانەی کە خۆیان بە ئیسلامەوە پەیوەندیدار ئەکەن لەسەر ئەمەی کە ئیسلام دینێکە کە مەشرووعیەت دەدا بە بەدئەخلاقی و ووشەگەلێکی ناشیرین.
- ئیجات کردنی ئەم فکرە لە گەنجەکانی موسوڵمان کە ناسزا ووتن بە ستەمکار و جنێو دان بە ئەلفازی ناشیرین و قەبیحەوە لە لایەن شەرع ئیشکالی نیە و بەڵکوو داخوازی شەرعە.

حەسەنی بەسری ئەفەرمووێ:
دژ بە ئەو دۆعای خراپ نەکات بەڵکوو بڵێ:

**خودایا! من لە بەرامبەر بە ئەو یارمەتی بدە و مافم لێی بستێنە**



## کورتە

- ئیسلام لە تەواوی دۆخەکان و حاڵەتەکاندا لەگەل بەنی ئادەم بە باشی دەستوور و هانی داوە.
- بنەمایی ترین یاسای دینی ئیسلام، نەهی کردن لە ناسەزا ووتن و بەدزمانیە.
- ئەمە مەسەلەیەکی مەترسیدارە کە ئیدعا ئەکرێت کە هەندێک لە هەنۆکە توندڕەوەکان کە ناو بردنی کەسی ستەمکار بە ووشەگەلێکی ناشیرینەوە مەسەلەیەکی منصوص علیە بە ئەژمار دێت لە لایەنی شەرەعەتی ئیسلامیەوە، و تاوانی گەورەتر ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی کە بەدزمانی و ووتاری ناشیرین کە زۆرێک کەوتوونەتە نێوانیەوە ڕەنگی شەرعی پەیدا بکات.
- یارمەتی دان و بەڕێوەبەری کۆمەڵگای ئیسلامی لە گرنگیەکی زۆر بەشدارە هەتاکوو نەبێت بە مەلعەبەی ئەو کەسانەی کە لە نێوانی دین تەشویش و دەسدرێژیان کردووە و هەوڵ دەدەن هەتاکوو جنێو و ناسەزا ووتن لە بەرامبەر ستەمکارەکان، ڕەنگ و سەبغەی شەرعی لێ بدەن، تاکوو کەسایەتی موسوڵمان لە نێوانی میراتێک کە ئەوانی بە سرۆشت باشی هان کردووە و مودەعیەکانی کە تەمرین و دووبارە کردنەوەی خراپی فێر بوونف ئەوە لە کۆمەڵگادا ڕابگەیەنن، تووشی گۆڕین و ئاژاوەیان نەکەن.
- لە ژێری ئایەتی: ﴿لَا يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلَّا مَنْ ظُلِمَ وَكَانَ اللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا﴾ هیچ بۆنەیەک بو ناسەزا ووتن و زمان تاڵی لە بەرامبەری ستەمکاران نیە و تەنانەت بۆنەیەک بۆ کەم کردنەوەی جێگای ئەوە بە وشەگەلی ڕەکیک و ناخۆش ناتوانێ ببێت کە دینی حەنیف و جوانی ئێمە لە ئەوە نەهی کردووە.

**«ئایەکو بجگە لە بەرهەمی زمان، شتێکی تر هەیە کە ئێمە بە ڕوومەتەوە بخاتە نێوی ئاگری جەهەنم ؟»**

حەدیسی شەریف



# زنجیرەی لاساری و تەئویلی ناڕاست

پێغەمبەری خودا فەرمووی: "بە دوای هەر نەسڵێک کەسگەلێک (کە باشترن)، هەن کە زانیاری لە سەر شانیانە و ئەوە لە لاسازی و گەزافەکاری و دەستدرێژی باتڵ گەراکان و تەئویلی یاوە گووەکان، دەپارێزن".

بۆیە هەندێک لە خاوەنەکانی ئەندیشەی لاسارف کەلامی خودا و ئەحادیسی پێغەمبەر بە شێوازێک تێگەیشتوون کە بە مەنهەجی زانستیەوە بە دەس هاتووە لەل گەل سەلەفی ساڵەح هاودەنگ نین و بە ئامانجەکان و ئەرزشە گەورەکانی وەحی ئیلاهی سازگار نین.

ئەوانە هەندێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە لە شەئنی غەیری موسوڵمانان هاتوونەتە خوارێ، میسداقی ئۆممەتی ئیسلامی قەرار دەدەن و لەو ئایەتانەی کە لەوانەدا هەڵاوێر هەیە، ئەحکامی گشتی دەر دەهێنن، و مانعاکانی کەلامی اللە و حەدیسەکانی پێغەمبەری خودا دەکیشنە لاساریەوە، کە ئەم مەسەلەیە دەبێت بە هۆی ڕسووخ و بنیاتنانی چەمکگەلێکی هەڵە لە ژیرایەتی و زانیاری گشتی موسوڵمانان، و لە نەتیجەدا ڕەفتار و سرۆشتگەلەک پێک دێت کە هیچ پەیوەندیەکی بە دینی موبینی ئیسلامەوە نیە.

لە نێوانی ئەم زنجیرە بابەتانە، لەگەڵ هەڵەکان و لاساریەکانی خاوەنەکانی فکرە باتڵەکان ئاشنا دەبین کە چۆن بە لاساری مانعاکانی کەلامی خودا و حەیسەکانی پێغەمبەر خەریک بووە و لە هەندەک لە ئەحکامی شەرعی کە بنەماکانیان تێگەیشتنگەلی هەلە بووە، بە لاساری و گومڕایی کێشراوون و لە نەتیجەدا لە مەبەستی خودا و ڕەسوولی خودا و تێگەیشتنی سەلەفی ساڵەح جیا بوونەتەوە و بە لاساری کێشراون.

DAR AL FAQIH
PUBLICATION & DISTRIBUTION
SANAD
www.sanad.network
twitter: @sanadnetwork
facebook.com/sanadnetwork
youtube.com/sanadnetwork
instagram.com/sanadnetwork